Worker-communist Party of Iraq
Abroad Committee

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق
کۆمیتەی دەرەوەی وولات

21 January 2007

**بۆ د. جۆن راید وەزیری ناوخۆی بەریتانیا**

**پاش سڵاو**

**بە ناوی کۆمیتەی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئەم نامەیە بۆ بەڕیزتان دەنووسم تاکو نارەزایەتی خۆمان لەبەرامبەر سیاسەتی وەزارەتەکەتان لە مامەڵە لەگەل ئەو پەنابەرانەی کە لە کوردستانەوە هاتوون دەربڕم.**

**بە پێ ئەو هەولانەی لەفیراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیرقیەوە بەدەستی ئێمە گەیشتووە ماوەیەکە دەولەتی بەریتانیا دەستی کردووە بەگرتنی پەنابەران لەکاتی ئیمزاکردنی پۆلیس و تائیستا ژمارەیەکی زۆرتان لە پەنابەرانی کوردستان گرتووە بریارە پیچەوانە بەخواستی خۆیان رەوانەی کوردستانیان بکەنەوە.**

**زۆر روونە کە خەڵکی عیراق بە گشتی لە مەرگەساتترین هەلومەرجدا دەژین، هەلومەرجێک کە لە مێژووی نوێی عیراقدا بێ وێنەیە. نهینیەک نادرکێنین ئەگەر ئاماژە بە ڕۆڵی حکومەتەکەتان لە خولْقاندنی ئەم هەلومەرجە لەو وولاتە بکەین. سیاسەتی ڕەسمی حکومەتەکەتان پشتیوانی تەواو بووە لە بڕیاری بۆش بۆ بەرپاکردنی شەڕ لە بەرامبەر عیراق و هەروا بینینی ڕۆڵێکی چالاک بووە لە کردەوە سەربازیەکان و درێژەدانی داگیرکاری.**

**راپۆرتەکان تا ئیستا بەوە ئاماژە دەکەن زیاتر لە2ملیون پەنابەری عیراقی وولاتی خۆیان جیهیشتوە،لەدوای شەرەوە سەدان کەس لەدەولەتی بەریتانیا داوای پەنابەریا کردوە زۆربەیان داواکەیان رەد کراوەتەوە.**

**.لەڕووی مەنتیق و بنەما مۆڕالیەکانەوە دەبوو دەوڵەتەکەتان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بووایە لە مامەڵە لەگەڵ باروئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە. بە تایبەت پێویستە حکومەتەکەتان بە پێی کۆنڤاسیۆنە نێو دەوڵەتیەکان سەبارەت بە مافی پەنابەری کاربکات. کردەوەی سەرکوتگەرانە و شەرمهێنەرتان لەبەرامبەر پەنابەرانێک کە لە کوردستانی عیراقەوە هاتوون پێچەوانەی ئەمە نیشان دەدات.**

**لەماوەی رابردوودا 49 پەنابەری کوردتان بەکەلەپچەو بە فرۆکەی سەربازی گەراندۆتەوە کورستان پیچەوانە بە تەواوی یاسای نیو دەولەتی یەکان و مافەکانی پەنابەران .**

**ئێمە، وێرای هەموو ئینساندوستان لە هەر جێگایەکی دنیا، زۆر بە قووڵی نیگەران و تووڕەین لە بەرامبەر سیاسەتی دەستگیرکردنی، یان دروستتر وایە بلێین فڕاندنی پەنابەران، و ناچارکردنیان بە گەڕانەوە بۆ کوردستان.**

**کوردستان وەک ناوچەیەک لە لایەن دوو حزبەوە کۆنترۆڵ کراوە و بەڕیوە دەبرێت کە هیچ چەشنە ڕێزێک بۆ سادە ترین مافە ئینسانیەکان دانانێن. خەڵک بە بێ پرۆسیسێکی یاسایی دەستگیر دەکرێن و سزا دەدرێن. هەڵسوڕاوانی**

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+46736896777

سیاسی ناچار دەکرێن کە دەست لە بیرو بۆچوونی سیاسیان هەڵگرن، دەفڕێنرێنو زیندانی دەکرێنو لە هەندێک حاڵەتدا دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە. ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی جێمتمانەی وەک ئەمنستی و هیومان رایتس وۆچ پڕن لە بەڵگە بۆ ئەم دڕندەییە.

هەلومەرجی گشتی ناوچەکەش کە بۆ ماوەی زیاتر لە 16 ساڵ ناجێگیر و هەڵواسراوە پاڵنەری ترە بۆ شەپۆلی پەنابەرانی هەڵهاتوو لەم ناوچەیە، پەنابەرانێک کە لە پێناوی ئاسوودەیی بۆ خۆیان و خێزانیان ڕوو لەدەرەوە دەکەن. تازەترین ڕاپۆرتی UNHCR بە ڕوونی ئاماژە بۆ هەلومەرجی ناجێگیر و قابیلی تەقینەوە و لە گرێژنە چوونی ئەم ناوچەیە دەکات.

ئێمە دەتوانین لەوە دڵنیاتان بکەینەوە کە ئەوانەی کوردستان جێدەهێڵن و ڕوو لە وولاتی ئێوە دەکەن شایانی ئەوەن کە بە ڕەسمی بە پەنابەر وەربگیرێن، ئەگەر کۆنڤاسیۆنەکانی مافەکانی ئینسان و مافەکانی پەنابەران لە لایەن ئێوەوە ڕێزیان لی بگیرێت.

جارێکی تر ئێمە دووبارەی دەکەینەوە کە بە تووندی لە بەرامبەر سیاسەتی وەزارەتەکەتان نارەزایەتی دەردەبڕین وئەم سیاسەتانە مەحکووم دەکەین. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە دەستبەجێ مافی پەنابەری بە پەنابارانی کوردستانی عیراق بدرێت. هەروا داوا دەکەین کە بە کۆنڤاسیۆنە نێو دەوڵەتیەکان مامەڵەی ئەو پەنابەرانە بکەن کە لەو ناوچەیەوە هاتوون

ئێمە داواکاری ئەوەین دەست بەجێ دیپۆرتی پەنابەرانی کوردی عیراقی راگرن و زیندانیەکان ئازاد بکەن........ودەستبەجی مافی پەنابەری.

وێرای سڵاوی دووبارە

شەماڵ علی

سکرتێری کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+46736896777